# ڕادەی صەحیحی ئەم فەرموودەیە

## ( وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات )

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# صحة حديث ( وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات )

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# ڕادەی صەحیحی ئەم فەرموودەیە

## ( وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات )

ئـەم پـرسـیــارە ئـاڕاسـتـەی مـاڵـپـەڕی ئـیـسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار:** ئـایـا ڕادەی صـەحـیـحـی ئـەم فـەرموودەیـە چـۆنـە کـە پـێـغـەمـبـەری خـوا ( صـلـی الـلـه عـلـیـه وسـلـم ) فـەرموویـەتـی: « شر نسائكم المتبرجات المتخيلات وهن المنافقات، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم » سنن الـبـیـهـقـي ؟ واتـا : خـراپـتـریـن ژنـانـتـان ئـەوانـەن کـە خـۆیـان ڕووت کـردوەتـەوە و خـۆ بـەگـەورە زانـن، ئـەوانـە ئـافـرەتـانـێـکـی دوو ڕوون وهـیـچـیـان نـاچـنـە بـەهـەشـتـەوە مـەگـەر وەك قـەلـەڕەشـی بـاڵ سـپـی یـان قـاچ سـپـی نـەبـێـت.

**وەڵام:** سوپـاس وسـتـایـش بـۆ خـوای گـەورە ومـیـهـرەبـان ودرود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پـێـشـەوای مـرۆڤـایـەتـی مـحـمـدی پـێـغـەمـبـەری ئـیـسلام و ئـال وبـەیـت و هـاوەڵ وشـوێـنـکـەوتـوانـی هـەتـا هـەتـایـە .

**یەکەم** : ئیمامی بەیهەقی لە ( السنن الكبرى ) لاپەڕە ( ١٣٤٧٨) بە سەندێك ڕیوایەتی کردووە : عن أبي أذينة الصدفي أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : « خير نسائكم الودود الولود المواتية المواسية، إذا اتقين الله، وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات، وهن المنافقات، لا يدخل الجنة منهن، إلا مثل الغراب الأعصم » واتا : باشترین ئافرەتانتان ئەو ئافرەتانەن کە زۆر منالیان دەبێت، وخۆشەویستن لای مێردەکانیان، هاوڕایە لەگەڵ پیاوەکەیدا، ئەگەر لەخوای گەورە بترسێت و گوێڕایەڵی بێت، خراپترین ژنانتان ئەوانەن کە خۆیان ڕووت کردوەتەوە و خۆ بەگەورە زانن، ئەوانە ئافرەتانێکی دوو ڕوون وهیچیان ناچنە بەهەشتەوە مەگەر وەك قەلەڕەشی باڵ سپی یان قاچ سپی نەبێت .

زانیان لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە ڕایان جیاوازە، کۆمەڵێك لە زانایان پێیان وایە کە ئەم فەرموودەیە صەحیح نییە، لەو زانایەش ابن القطان الفاسي لە کتێبی ( النظر في أحكام النظر ) لاپەڕە ( ١٧٧ ) ئەم فەرموودەیە بە فەرموودەیەکی صەحیح نازانێت، هەروەها ئیمامی سیوطي یش پێی وایە فەرموودەیەکی ( مرسل )ـە، پێش سیوطی یش ئیمامی بەیهەقی ڕای وابووە، بەڵام شێخ ناصر الدين الألباني لە ( صحيح الجامع الصغير ) بەفەرموودەی ژمارە ( ٣٣٣٠ ) و هەروەها لە کتێبی ( السلسلة

الصحيحة ) دا به فەرموودەی ژمارە ( ١٨٤٩ ) ئەم فەرموودەیەی بە فەرموودەیەکی صەحیح داناوە .

**دووەم** : لە کتێبی ( التيسير بشرح الجامع الصغير ) بەرگی (١/ لاپەڕە ٥٣٢ ) دا هاتووە : ( خير نسائكم الولود ) واتا : باشترین ئافرەتانتان ئەو ئافرەتانەن کە زۆر منالّیان دەبێت، ( الودود ) واتا : خۆشەویستن لای مێردەکانیان، ( المواسية المواتية ) : هاوڕایە لەگەڵ پیاوەکەیدا، ( إذا اتقين الله ) ئەگەر لەخوای گەورە بترسێت و گوێڕایەڵی بێت، ( وشر نسائكم المتبرجات ) واتا : خراپترین ژنانتان ئەوانەن کە خۆیان ڕووت کردوەتەوە وجوانی خۆیان بۆ کەسانی بێگانە دەخەنە ڕوو، (المتخيِّلات) ئەوانەی لوت بەرزن و خۆیان بەگەورە دەزانن، ( وَهنَّ المنافقات ) واتا : ئەوانە وەك ئافرەتانی دوو ڕوون، ( لَا يدْخل الْجنَّة مِنْهُنَّ إِلَّا مثل الْغُرَاب الأعصم)هیچیان ناچنە بەهەشتەوە مەگەر وەك قەلەڕەشی باڵ سپی یان قاچ سپی نەبێت، چونکە ئەم صیفەتە لە ناو قەلەڕەشدا زۆر کەمە .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام